

NHS Complaints Advocacy

# فۆرمی خزمەتگوزارییەکانی راوێژ و یارمەتیدانی نەخۆش

## PALS چییە؟

نەخۆشخانەکانی سندووقی NHS خزمەتگوزارییەک بە ناوی ڕاوێژکاری و یارمەتیدان بە نەخۆش (PALS) پێشکەش دەکەن. NHS ئەم خزمەتگوزارییەی بۆ جێبەجێکردنی هەوڵی خێرا بە مەبەستی چارەسەرکردنی گرفتی نەخۆشەکان لەبەرچاو گرتووە.

## لە بابەتەکانی خوارەوەدا دەتوانی پەیوەندی بکەی PALSەوە:

- وەدەست هێنانی زانیارییەکان و راوێژ سەبارەت بە خزمەتگوزارییە تەندرووستییەکانی خۆماڵی.
- پێشکەشکردنی بابەت یان کێشە سەبارەت بە یەکێک لە خزمەتگوزارییە تەندرووستییەکانی خۆماڵی.
- وەدەست هێنانی زانیارییەکانی سەبارەت بە رێکخراوەکانی پەیوەندیداری دەرەوەی NHS ( بۆ وێنە خزمەتگوزارییەکانی لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکانی NHS).

## ئیشی PALS چییە؟

- PALS یارمەتی چارەسەرکردنی خێرای گرفت و کێشەی نەخۆشەکان لە نەخۆشخانە دەدات. .
- زانیاریگەلێک پێشکەش دەکات کە یارمەتی نەخۆشەکان دەدات کە بە باشترین شێوە لە خزمەتگوزارییە تەندرووستییەکان کەڵک وەربگرن.
- زانیارییە پێشکەشکراوەکان لە لایەن نەخۆشەوە دەخرێتە بەر دەستی بەڕێوەبەرانی باڵادەست کە ئەم کارە دەتوانن لە بردنە سەرەوەی چۆنیەتی خزمەتگوزارییە تەندرووستییەکان کاریگەر ببن.

## PALS و خزمەتگوزارییەکانی لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکانی NHS چ جیاوازییەکیان پێکەوە هەیە؟

| PALS | لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکانی NHS |
|---|---|
| • ستاف هەمان کارمەندانیNHSن.<br>• لە بابەتەکانی پەیوەندیدار بە خزمەتگوزارییەکانی رێکخراوەیەکی NHSی تایبەتەوە لێکۆڵینەوە دەکات.<br>• بۆ دەست پێڕاگەیشتن بە رێگە چارەی کێشەکانت پشتیوانیت دەکات. | • سەربەخۆیە، هەر بۆیە پێویست نییە وەڵامی NHS بداتەوە.<br>• یارمەتیت دەدات بابەتەکانی خۆت باس بکەیت.<br>• بە بابەتەکانی پەیوەندیدار بە خزمەتگوزارییەکانی NHS و چاوەدێرییە تەندرووستییەکان کە NHS بوودجەکەی دابین دەکات، خەریک دەبێت.<br>• لە هەموو قۆناغەکانی سکاڵاکاندا پشتیوانیت دەکات. |

خزمەتگوزارییەکانی PALS و لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکانی NHS هاوکاری نزیکیان پێکەوە هەیە و هەوڵ دەدەن بە خێرایی و بەپێی خواستی تۆ لە سکاڵاکان بکۆڵینەوە. دەتوانی بە پێی خواستی خۆت یەکێک لەم خزمەتگوزارییانە هەڵبژێریت.

گەر باشتر وایە لە خزمەتگوزارییەکانی رێکخراوەیەکی تر کەڵک وەرگریت و لە حاڵەتی رازیبوونی نەخۆشدا، هەر یەک لە خزمەتگوزارییەکانی PALS و لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکانی NHS دەتنێرن بۆ لای رێکخراوەیەکی.

Advocacy
Q P M
Quality Services

www.nhscomplaintsadvocacy.org

ناوەندی خێرخوازی تۆمارکراو 1076630 بە بەرپرسیارێتی سنووردارەوە 3798884

VoiceAbility

NCAP005 MAR13